**به نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**به نـاوی گەلــەوە**
**ئه نجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێـراق**
**ژمارەی بـڕیـــار : ١٧**
**رۆژی بــڕیـــار : ٢٠٠٢/١٠/٣**

**" بڕیـــار "**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی و ئەنجومــەنی نیــشتمانیی کوردســتانی عێــراق و ، لەســەر داوای ئەنجومــەنی وەزیرانــی هــەرێم ، ئەنجومــەنی نیــشتمانیی کوردســتانی عێــراق لــە دانیــشتنی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/٣) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

یەکەم : دەسەڵات دەدرێـت بـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان ، بـە هاوتەگبیری لە گەڵ وەزیری داد و سەرۆکی دادگای تەمییز ، ئەو دادوەرە یـان قازییـە یـان ئەنـدامی دەزگـای ئیـددیعای گـشتییەی کـە تانـە لـە نەزاهـەت و بـێ لایـەنیی دەدرێـت و کەفائەتی نییە ، خانەنشینی بکات یان بیگوازێتەوە بۆ دایەرەگەلی دیکەی دەرەوەی سلکی دادوەری بەو مووچەیەی کە بە پێی یاسا لەو دایەرانەدا دەیکەوێ .

دووەم : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

سێیەم : پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

چوارەم : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکار و لە وەقایعی کوردستانیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئه نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**